# فەلسەفەی کۆنی یۆنانی

جاکۆب ئێن گراهام
لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ خالید
(سلێمانی)

فەیلەسووفە کۆنەکانی یۆنان ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان لە شێوە بەخشین بەترادیسیۆنی فەلسەفەی ڕۆژئاوا گێڕا. ئەم وتارە باس لەو کار و بیروڕا سەرەکییانە دەکات لەلای فیگەرە سەرەکییەکانی ترادیسیۆنی فەلسەفی کۆنی یۆنانی لە فەیلەسووفانی پێش سوکراتەوە تا ئەفلاتوونییە نوێیەکان و تیشک دەخاتە سەر بابەتە فەلسەفییە سەرەکییەکان و پەرەسەندنی بیری ئەوان لە سەدەی شەشەمی پێش زایین تا سەدەی شەشەمی زایینی.

ترادیسیۆنی فەلسەفی کۆنی یۆنانی لەو هێڵە میتۆلۆژییە جیابوویەوە کە سەبارەت بە لێکدانەوەی جیهان بوو و دەستپێشخەری جۆرێکی تری ڕوانین و لێکدانەوەی کرد، کە لەسەر بناغەی عەقڵ و بەڵگە دروست بوو.

فەیلەسووفانی پێش سوکرات لەسەرەتادا بایەخیان بە لێکدانەوەی تەواوی گەردوون دا، پاشان هەوڵیان دا تاکە پرەنسیپی ئەو گەردوونە دیاری بکەن. بیردۆزەکانیان جۆراوجۆر بوون و سازانیان لەسەر نەکرا بوو، بەڵام میراتییەکەیان دەستپێشخەری گەڕان بوو بەدوای دیاریکردنی بنەما سەرەکییەکانی.

ئەمەش بووە سەرچاوەی زنجیرەیەک لە پرسیارکردن سەبارەت بەسنوور و ڕۆڵی عەقڵ و هەستەکانمان، هەروەها ئەوەی کە مەعریفە چۆن بەدەست دێت و لە چی پێکهاتووە. لێرەدا خولقاندنی فەلسەفە لای یۆنانییەکان دەبینینەوە وەک: "خۆشەویستی ژیری" و لەدایکبوونی میتافیزیک و ئەپستمۆلۆژی و فەلسەفەی ئاکار. سوکرات و ئەفلاتوون و ئەریستۆ کاریگەرترین فەیلەسووفە کۆنەکانی یۆنان بوون و جەختیان کردە سەر ڕۆڵی مرۆڤ، زیاتر لە لێکدانەوەی جیهانی ماددی. کارەکانی ئەم فەیلەسووفە سەرەکییانە لەلایەن ستۆیک و



**سوکرات**

ئێپیکیورییەکانەوە تەواو کران، کە ئەوانیش بایەخیان بە لایەنە پراکتیکییەکانی فەلسەفە و بەدەستهێنانی خۆشبەختی دا.

فەیلەسووفەکانی دیکە قوتابخانەی گومانگەراکانی پیرهۆ و ئەفلاتوونییە نوێکانی ئەفلوتین بوون کە هەوڵیان دا بیری ئەفلاتوون بەتیۆلۆژیاوە گرێ بدەن.

### ۱- فەیلەسووفانی پێش سوکرات:

ترادیسیۆنی فەلسەفی رۆژئاوا لە یۆنانی کۆن لە ساڵانی سەدەی شەشەمی زایین دەستی پێ کرد. فەیلەسووفە یەکەمەکان پێیان دەوترا "فەیلەسووفانی پێش سوکرات" کە مانای وایە لەپێش سوکراتەوە هاتوون، ئەو فەیلەسووفانە خەڵکی خۆرهەڵاتی، یان خۆرئاوای ئەو هەرێمانەی جیهانی یۆنان بوون.

ئەسینا کە ماڵی سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ بوو، لە هەرێمی نێوەندی یۆنان بوو، هەروەها درەنگ گەیشتە یارییە فەلسەفییەکە. ئەدگاری هەرە سەرەکی و جوداکەرەوەی فەیلەسووفانی پێش سوکرات جەخت کردن بووە لەسەر پرسیارە فیزیکییەکان، کە راستییەکەی ئەرستۆ ئاماژەی پێ دەدات، وەک : "لێکۆڵینەوەی سروشت" ئەو شتانەی کە لە رووی زانستییانەوە بایەخیان پێ دەدا: ماتماتیک و ئەستێرەناسی و بایۆلۆژی بوو. وەک فەیلەسووفە یەکەمەکان جەختیان دەکردەوە سەر یەکگرتوویی عەقڵانی شتەکان و لێکدانەوەی میتۆلۆژیانەی جیهانیان رەت کردەوە. بە تەنیا چەند بەشێکی کارەکان و نووسینەکانی فەیلەسووفانی پێش سوکرات مانەوە، لە هەندێک کاتدا بە تەنیا یەک رستەی تاک لەوانە مانەوە. ئەو مەعریفەیەی سەبارەت بەوان هەمانە لەو گێڕانەوانە سەرچاوەی گرتووە کە فەیلەسووفە پێشینەکان باسیان لێوە کردووە وەک کتێبی فیزیک و میتافیزیکی ئەرستۆ و کتێبی بیروڕای فیزیستەکانی سیۆفراتوسی قوتابی ئەرستۆ و سیچڵیسۆس کە فەیلەسووفی ئەفلاتوونیزمی نوێ بوو، کە ئەو رستانەی دەستکەوتبوون کۆی کردنەوە.

یەکەم گرووپی فەیلەسووفانی پێش سوکرات خەڵکی شاری ئایۆنا بوون، فەیلەسووفانی ئایۆنیا بەدوای پرەنسیپی ماددی شتەکانەوە و شێوازی بنەڕەتیان و دیارنەمانیان بوون.

تالیس خەڵکی میلێتوس (٦٤٠ پێش زایین) بە باوکی فەلسەفەی یۆنانی دادەنرێت، ئەوی بە سەرچاوەی هەموو شتەکان دانا، پاشان ئاناکیسمادەری خەڵکی میلێتوس (٦١١ - ٥٤٧ پێش زایین) کە یەکەم نووسەری فەلسەفەیە. ئەو وەک یەکەم بنەما ئەو ماددە پێناسە نەکراو و بێ سنوورەی دانا، کە سیفاتی نییە و لێوەی دژە سەرەکییەکانی وەک گەرم و سارد و وشک و شێدار شیاوی جیاکردنەوەن.

(ئانا کسیمنیس)ی هاووڵاتی و هاوسەردەمی خۆی بنەماکانی خۆی دیاری کرد سەبارەت بە هەوا و وەک گۆڕاوێک وەری گرت، بەهۆی چڕبوون و تەنک بوون بۆ نێو ئاگر و ڕەشەبا و هەور و ئاو و خاک. هیراکلیتیس خەڵکی ئێفینووس (٥٣٥ - ٤٧٥ پێش زایین) ئاگری بێ جەستە و بارستایی وەک بنەما وەرگرت. دەیگوت هەموو شتێک لە ئاگرەوە سەرچاوەی گرتووە و دەگەڕێنەوە بۆ لای لە پرۆسەیەکی ڕانەوەستاوی پەرەسەندوودا و هەموو شتەکان لە سووڕانەوەدان، بەڵام ئەو سووڕانەوەیە لەلایەن لۆگۆسەوە بناغەی پێ بەخشراوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی پێی دەوترێت "وشە" و دەشکرێت مانای "ئارگومێنت" "لۆژیک"، یان عەقڵ بێت. بە شێوەیەکی گشتی لۆگۆسە کە بناغە بەو پرۆسە هەمیشە گۆڕاوەی گەردوون دەبەخشێت.

فەلسەفە یەکەم جار لەلایەن فیساگۆرس سامۆس (٥٨٢ - ٥٠٤ پێش زایین) بەسترایەوە بە ژیانی پراکتیکییەوە کە لای ئەوەوە ناوی خۆی بە "خۆشەویستی ژیری" وەرگرت. لە ڕێی دانانی جیهان وەک هارمۆنییەکی تەواو، پشت بەستوو بە ژمارە، ئەو ویستی مرۆڤایەتی

قەناعەت پێ بکات وەک ئەو جیهانە بێت و ژیانێکی هاوسەنگ بژێت.

مەزهەبەکەی ئەم فەیلەسووفە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە فیساگۆرسەکانەوە لەخۆگیرا و پەرەی پێ درا کە لەناویاندا دامۆن هەبوو، بەتایبەت لە باشووری ئیتالیا.

ئەو ولاتە مالی مەزهەبی ئیلیاتیک بوو سەبارەت بە خودا، کە لەپاش شاری ئیلیاوە ناونرابوو کە بنکەی سەرەکی قوتابخانەکە بوو. لەلایەن (زینۆفۆن)ی کۆلۆفۆن دامەزرا کە لە سالی (٥٧٠ی پێش زایین) لەدایک بووبوو، کە بە باوکی مەزهەبی بانسێزم دادەنرا (خودا گەردوونە) کە خودای بە یەکگرتووی هەمیشەیی و ڕۆچوو بەنێو گەردووندا دانا کە لە ڕێی بیریەوە حوکمی دەکات .

پارمێنیدزی ئیلیا (سالی ٥١١) قوتابی جەختی کردە سەر بوونی نەگۆڕاوی یەکگرتوو، کە تاکە ڕاستی بوو لای کە ئیستیعاب بکرێت و دەیگوت گۆڕان و بێ پایانی تەنیا ڕووکەشی ناواقیعین. ئەم مەزهەبە لەلایەن زینۆی هاوەلی لە تاووتوکردنێکدا بەرگری لێ کرا دژ بە بیروڕای باو کە لەنێو شتەکاندا بێ پایانی و سەیرووره و گۆڕانی دەبینییەوە.

زینۆ ژمارەیەک پارادۆکسی خستەڕوو کە فەیلەسووفانی دوایی گەنگەشەیان دەکرد، ئەو هەولی دا ئەوە پیشان بدات کە گریمانەکردنی بوونی گۆڕان و فرەچەشنی تووشی دژیەکی دەبێت.

میراتی سەرەکی زینۆ ئەوەیە کە سکۆلارەکانی دوایی بۆیان دەردەکەوێت کە زۆر سەختە چەمکی بێ پایانی بە شێوەیەکی گشتی دیراسە بکرێت.

ئێمپیدیلکس شاری ئەگری جێنم (سالی ٤٩٢ پێش زایین) دەردەکەوێت کە هەندێک لەگەل قوتابخانەی ئیلیاتیک بوو و هەندێکیش دژی وەستایەوە. لەلایەکەوە دەلێت سروشتی شتەکان نەگۆڕە و لەلایەکی تریشەوە دەلێت ئەو شتانە فرە چەشنن، واتە چوار ڕەگەزەکە " خاک، ئاو، هەوا و ئاگر" جیهان لەمانە دروست بووە، بەهۆی دوو پرەنسیبی ئایدیالییەوە وەک هێزی پالنەر و خۆشەویستی و هۆی یەکگرتن، هەروەها ناکۆکی وەک هۆی دابڕان.

ئێمپیدۆلکس یەکەم کەس بوو کە دیراسەیەکی گەشەسەندووی لە پەرەسەندنی جۆرەکاندا خستەڕوو.

ئانا کۆگۆراس شاری کلازۆمین (سالی ٥٠٠ پێش زایین) باس لە بوونی مەبدەئی فەرماندەر، هەروەها ماددەی کرد کە ئەوەی دواییان بێ پایان و ڕەگەزی لەناو نەچوون و سیفاتی بێ هاوتایە، لەو کاتەشدا باسی لە عەقل و ئاوەز دەکرد، وەک ڕێبەریکەریان، هەروەها هەموو دروست بوونەوە و لەناوچوونێکی وەک تێکەلاوبوون و بڕیاردەر دادەنا.

دامەزراندنی فەلسەفە لە ئەسینا بۆ ئەم دەگەڕێتەوە کە لەوێدا بە ئەوپەڕی پەرەسەندن گەشت و بەردەوام بوو لەخۆڕاگرتنی بۆ هەزار سال بە نەبڕاوەیی.

یەکەم سیستمی ماتریالیستی ئاشکرا لەلایەن لیوسیپۆس (سەدەی پێنج پێش زایین) و دیموکراتوسی قوتابی خەلکی ئابدێرا (سالی ٤٦٠٠ پێش زایین) دامەزرا.

ئەوەش مەزهەبی ئەتۆم بوو، قەوارەی سەرەکی لە زۆریدا نەژمێراو کە دابەش ناکرێن و لەناو ناچن و لە ڕووی جۆرەوە لەیەک دەچن، بەلام لە ڕووی قەبارەوە جیاوازن. ئەو قەوارانە لەنێو بۆشایی بێ پایاندا دەسوڕێنەوە و دەکێشن بەیەکدا و یەک دەگرن و بەوەش بابەتێک دروست دەکەن کە بەهۆی هەمەچەشنییەوە، لە ڕووی ژمارە و قەبارە و بارستایی و شێوە و ڕێکخستنەوە لەو ئەتۆمانەی کە دروستیان دەکەن جیاوازن.

کۆششەکانی ئەم فەیلەسووفە کۆنانە بە گشتی ئاراستەکرا بوون بە ڕووی لێکۆلینەوە لە بناغە و سروشتی سەرەکی جیهانی دەرەوە، کەواتە تێگەیشتنیان لە مەعریفەی شتەکان، جۆراوجۆر بوو. بۆ نموونە، ئیلیاتیکەکان ناچار بوون نکولی لەوە بکەن کە هەستەکان ڕاستی لە بارەی شتەکانەوە دەدۆزنەوە، چونکە جیهانی هەستەکان لەگەل گۆڕانیدا بە تەنیا بوونێکی دیاردەگەرانەیان ئاشکرا دەکرد. دەیانگوت هزر دەتوانێت مەعریفە بداتە خەلکی سەبارەت بەچییەتی خوادوەند، یان وردتر بلێین سەبارەت بەوەی کە لێی ناچێت.

سۆفیستەکان گومانی ئیلیاتیکەکانیان بۆ خۆیان هێشتەوە، لە کاتێکدا مەزهەبەکانیان ڕەت کردەوە سەبارەت بەتوانایی هزر لەدەست ڕاگشتن بە ڕاستیدا بێ یارمەتی هەستەکان و باوەڕیان بەوە بوو کە بیرکردنەوە بە تەنیا لەسەر بناغەی ئیدراکی هەستەکان و ئینتیباعی خودیانە (زاتی) کاردەکات و لەبەر ئەوە هیچ نموونەیەکی کردەییمان نییە، جگە لە قەناعەتی گشتی بۆ تاک.

سۆفیستەکان کە لە ڕەوانبێژیدا شارەزا بوون و زۆر لە فەیلەسووفەکانی دیکە لێهاتووتر بوون لە فێرکردنی

پرۆفیشنالّیانەدا، ئەمان وەک ئەنجامی پێویستی تایبەت بۆ فێرکاری یۆنانی لەو سەردەمەدا پەرەیان سەند. سۆفیستە ناودارەکان پرۆتاگۆراس، گۆرجیاس، هیپیاس و پرۆدیکوس بوون.

## ٢- سوکرات و دواکەوتەکانی

ماوەیەکی نوێی فەلسەفە دەست پێ دەکات لەگەڵ سوکراتی ئەسیر (٤٦٩ - ٣٩٩) پێش زایین، وەک سۆفیستەکان، ئەویش بەتەواوەتی ئەو جۆرە بیرکردنەوە فیزیکیانەی ڕەت کردەوە کە ئەوانەی لە پێشیدا هاتبوون خۆیان تێیدا سەرقاڵ کردبوو. خاڵی سەرەتایی خۆی لەبیرکردنەوە و بیروڕای خەڵکەوە دەست پێ کرد، بەڵام سوکرات بێ بڕانەوە پرسیاری لە خەڵک دەکرد سەبارەت بە باوەڕیان، پێچەوانەی ئەوەی کە چۆن سۆفیستەکان بیروڕای تاکیان بە ستاندارد دادەنا.

هەوڵی دا پێناسە بۆ فەزیلەتەکان بدۆزێتەوە ، وەک ئازایەتی و دادپەروەری بەوەی پرسیاری لێ دەکردن سەبارەت بەوەی کە دەیانزانی، بیردۆزی پرسیارکردن لە خەڵک (elenchus) سەرنەکەوت لە پێکهێنانی ئەوەی کە بە ڕاستی فەزیلەت بوون، بەڵکو زیاتر بێ ئاگایی کەسەکانی ئاشکرا دەکرد.

سوکرات کەسایەتییەکی گرنگی سەرنجڕاکێش بوو کە دواکەوتەی زۆر بوو، بەڵام دوژمنی زۆریشی بۆ خۆی دروست کرد، سوکرات سزای مەرگی بەسەردا سەپێنرا، چونکە گەنجەکانی لە ئەسینا لەڕێ دەرکردبوو و بڕوای بە خواکانی شارەکە نەبوو. شەهید بوونی فەلسەفی بەسادەیی سوکراتی کردە کەسایەتییەکی ئایکۆنی کە ئەوە ڕووی نەدایە وا دەرنەدەکەوت و زۆر لە قوتابخانە فەلسەفییەکان وەک پاڵەوانی خۆیان دایاننا.

دەروێشانی زۆر و زەبەندی سوکرات کە زۆرینەیان هیچیان بۆ مەزهەبەکەی زیاد نەکرد، یان پەرە پێ نەدا لە ڕوویەکەوە لە ڕێی ئەوەی خۆیان بۆ دیالێکتیک، یان بۆ فەلسەفەی ئاکار تەرخان کرد، بەم چەشنە زینۆخۆی ئەسنی لە زنجیرەیەک نووسیندا وەک پۆرترێتی مامۆستاکەی خۆی نیشان دەدا و هیچ شتێکی ڕەسەنی زیاد نەکرد. قوتابخانەی مێگاری لەلایەن یوکلیدسی مێگاری دروست کرا، خۆیان بەتەواوەتی بۆ لێکۆڵینەوەی دیالێکتیکی لە بارەی تاکە خاوەن فەزیلەتەکان تەرخان کرد.

ستیلپۆی مێگارایی بووە یەکەم ئەندامی دەرکەوتووی قوتابخانەکە، هەردوو سینیکیس و سێرینایکس دەستیان بەسەر بواری فەلسەفەی ئاکاردا گرت، هەرچەندە شوێنگەیان ڕاستەوخۆ دژ بەیەک بوو.

ئەنتیسێنس ئەسینی دامەزرێنەری سینیکس، باشی باڵای لەخۆگرت وەک ئەوەی فەزیلەتێک بێت، کە جێگەی چێژ وەرگرتن بێت.

گومان کردن لە یۆنان بەردەوام بوو لە ماوەی مێنپوس تا سەردەمی ڕۆمانییەکان بەهۆی هەوڵەکانی دیمۆ ناکس و ئەوانی ترەوە ئاریستوپوس سێرێنی دامەزرێنەری سێرینایکس، چێژ وەرگرتنی دانا بە تاکە ئامانجی ژیان و فەزیلەتی بەباش دانا تا ئەو کاتەی بەشداری لەچێژ بەخشین دەکات.

### ئەفلاتوون

هەردوو خەسڵەتی بلیمەتیی سوکرات لە نێو ئەفلاتوونی ئەسینی (٤٢٨ - ٣٤٨) دا یەکیان گرت، کە ئەویش زۆر لە پرەنسیپی دامەزراوی فەیلەسووفەکانی تری تێکەڵ بە یەککردن و هەموو ئەم بابەتەی پەرە پێ دا بۆ یەکگرتوویی سیستمێکی گشتگیر.

شوێنکاری پلانەکەی ئەفلاتوون، کە لە هیچ شوێنێکدا ئاماژەی پێ نەدابوو دابەشکردنی فەلسەفەبوو بۆ **سێ بەش:** (دیالێکت، ئاکار و فیزیا) خاڵی نێوەندی ئەویش بیردۆزی فۆرمەکان بوو.

ئەم بیردۆزەیە تێکەڵاوییەک بوو کە لە مەزهەبی ئیلیاتیک بوو سەبارەت بە خودا و بیردۆزی سەیروورەی هیلاکلیتس و بیردۆزی چەمکەکانی سوکرات.

بابەتە زۆرەکانی هەستەکان کە بە بەردەوامی دەسووڕێنەوە، بێ بەش لە هەر بوونێکی ڕەسەن، تاکە بوونی ڕاستەقینەی ئەوان لەسەر نموونەی فۆرمەکانەوەن، ئەبەدییەت و نەگۆڕ (بەدەر لە هەموو ڕێکەوتنێک هەر بۆیە تەواون)، کە لەوێدا هەر بابەتێکی هەستەکان کۆپی ناتەواون.

چەندێتی فۆرمەکان پێناسە کراون بە ژمارەی چەمکە گەردوونییەکان کە دەکرێت لە بابەتە تایبەتییەکانی هەستەوە وەرگیرێن.

بەرزترین فۆرم ئەوەی خواوەندە کە بناغەی سەرەکی ئەوانی ترەو سەرچاوەی بوون و مەعریفەیە، ئەو ئیدراکانەی کە لە ئینتباعی هەستەکانەوە وەرگیراون هەرگیز مەعریفەی بوونی ڕاستەقینەمان پێ نادەن، واتە ئەوەی فۆرمەکان دەکرێت بە تەنیا دەستکەون لە چالاکی

ڕوح لەنێو خۆیدا، دوور لە عەقڵ.

دیالکتیک، وەک ئامرازی ئەم پرۆسەیە بۆ مەعریفەی ئەم ئایدیایانەمان دەبات و لەکۆتاییشدا بۆ بەرزترین ئایدیای خوداوەندی، ئەوەش یەکەم زانستە.

ئەفلاتوون لە فیزیادا دوای بۆچوونەکانی فیساگۆرس کەوت (گەر بەدەستکاریشەوە بوو بێت) ئاکاریشی لە سوکراتەوە وەرگرت، کە لەگەڵ ئەویش فەزیلەت مەعریفەیە، کە بیرکردنەوەیە لە فۆرمی باڵای خوداوەند، لەبەر ئەوەی لەم بیرکردنەوەیەدا هەر سێ بەشەکەی ڕوح و بیرکردنەوە و ئیشتیها هەموویان بەشدارن ئەوە سێ فەزیلەتی: ئازایەتی زاهیدی بەدەست دێن، ئەو بەستەرەوەی کە فەزیلەتەکانی تر پێکەوە دەبەستێت فەزیلەتی دادپەروەرییە، کە لە ڕێگەی ئەوەوە هەر یەکێک لە بەشەکانی ڕوح لە کارکردنیدا پشتی پێ دەبەستن.

ئەو قوتابخانەیەی لەلای ئەفلاتوونەوە دامەزرا پێی دەگوترا ئەکادیمیا (لە ناوی ئەو جێگایەوە وەرگیرا کە ئەکادیمۆسی پاڵەوانی گریک وانەی تێدا دەگوتەوە) و زۆر لەدوای خۆی مایەوە.

ئەکادیمیا بەهۆی مەیلی فێرخوازەکانییەوە بەسەر سێ ماوەی کۆن و ناوەند و نوێدا دابەشکرا بوو. فێرخوازە سەرەکییەکانی ئەکادیمیا سپیوسیپی (خوشکەزای ئەفلاتوون) کە لەدواییدا تا ساڵی ٣٣٩ پێش زایین سەرۆکی ئەکادیمیا بوو و زینوکراتس لە چالیسدۆن تا ساڵی ٣١٤ پێش زایین، هەردووکیان ویستیان سەرنجەکانی فیساگۆرس لەسەر ژمارە و بیردۆزی ئایدیاکانی ئەفلاتوون پێکەوە ببەستن.

ئەم دوو ئەکادیمیایە زۆر لە مەزهەبەکانی ئەفلاتوون دوور بوون و پاڵپشتیان لە گومانگەرایی دەکرد.

**ئەرستۆ**

لە دەروێشە هەرە گرنگەکانی ئەفلاتوون، ئەرستۆی ستاگیرایە ٣٨٤ - ٣٢٢ پێش زایین، کە لەگەڵ مامۆستاکەیدا نازناوی گەورەترین فەیلەسووفانی دێرینەی بەش کرد، بەڵام لە کاتێکدا ئەفلاتوون بەدوای ڕوونکردنەوەی شتەکانەوە بوو لە ڕوانگەی (سەروو - هەست)ـەوەی فۆرمەکان، قوتابییەکەی ئەوەی لاپەسەند بوو کە بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێت کە لە ڕێگەی ئەزموونەوە بۆمان دەردەکەون، لای ئەو فەلسەفە، واتە زانست و ئامانجی ئەو، ناسینەوەی مەبەستی شتەکانە.

بەم چەشنە لە ڕێی بەکارهێنانی ڕاستی و نموونەوە بناغەی سەرەکی بۆ شتەکان بنیادنا، ئەوەش وەک بڵێی لە ڕێی شیاو بوون و بەرئەنجام گرتنەوە بەهۆی ژمارەیەک لە ڕاستییەوە بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامی گەردوونی لە زنجیرەیەک لەو کارانەی کە لەژێر ناوی ئۆرگانۆن کۆکراونەتەوە، ئەرستۆ ئەو یاسایانە دەخاتەڕوو کە لە ڕێی ئەوانەوە تێگەیشتنی مرۆڤ کاریگەر دەبێت لەبەر ئەنجامەکان لە سنووردار و تایبەتەوە بۆ مەعریفەی گەردوونی.

ئەرستۆ هەروەک ئەفلاتوون بوونی ڕاستەقینەی شتەکانی لە نێو چەمەکەکانیاندا دەناسییەوە، بەڵام نکوڵی دەکرد لە هەر بوونێکی جیاوازی چەمکێک لە هەر بابەتێکی تایبەتی هەستپێکراو.

ئەوانە وەک مادده و فۆرم شیاوی جیاکردنەوە نین، ئەرستۆ پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی بوونی لەنێو مادده و فۆرمدا دەبینێتەوە.

مادده بناغەی هەموو ئەو شتانەیە کە بوونیان هەیە، مادده هەموو سیفاتەکانی شتەکان دەگرێتەوە، بەڵام بۆ خۆی هیچ شتێک نییە، شتێکی دیاریکراو بە تەنیا ئەو کاتە دێتە بوون کاتێک سیفاتەکانی نێو مادده بۆ ڕاستەقینە گۆڕابن، ئەمەش لەژێر کاریگەری فۆرمدا کە لەنێو بابەتی یەکگرتوو، تەواوی سیفاتەکانی ناو ماددەدایە.

فۆرمەکان یەکەم جار دەردەکەون، هەرچەندە هیچ بوونێکیان نییە، بەدەر لە تایبەتییەکان، بەڵام لەپایە و هەڵسەنگاندنان، ئەوەش بەهۆی سروشتی خۆیەوەیەتی کە تاکە بابەتی زانراو و ڕاستەقینەی مەعریفەیە، چونکە مادده بەبێ فۆرم ناکرێت هەبێت، بەڵام پێناسەی سەرەکی فۆرمێکی باو ئەوەیە کە تێیدا بابەتە تایبەتەکان دەکرێت لە مادده جیابکرێنەوە .

فۆرم و مادده دوو دەستەواژەی ڕێژەیین و فۆرمی نزم ماددەی بەرز دروست دەکات (بۆ نموونە، جەستە، ڕوح، عەقڵ) ئەم زنجیرانە دەگەنە ترۆپک لە فۆرمی پاک و نامادی خوداوەندێتیدا کە سەرچاوەی هەموو جووڵەیەکە، واتە دروستکردنی فۆرمی ڕاستەقینە لە مادده.

هەموو جووڵەیەک لەکات و شوێندا ڕوودەدات لەبەر ئەوەی شوێن ئیحتیمالەکەیە و کاتیش پێوەری جووڵەیە، بوونە زیندووەکان ئەوانەن کە لە نێویاندا مەبدەئی جووڵە هەیە، یان ڕوح، لە ڕووی وەزیفەی ڕوح خۆراک پێدانە

(زیاد بوون) لە ئاژەڵدا و خۆراک پێدان و هەستکردنە، لە مرۆڤەکاندا خۆراک پێدان و هەست پێ کردن و چالاکی عەقڵیشە. فۆرمی کاملی ڕوحی مرۆڤ عەقڵە کە لە هەر وابەستەبوونێکەوە بە جەستەوە جیاکراوەتەوە ، واتە چالاکییەکەی جێبەجێ دەکات بێ یارمەتی هەر ئۆرگانێکی بەستەر بەو چەشنەی شیاوی لەناوچوون نییە.

عەقڵ ئەو شتانەی ئیدراک دەکرێن کە لە ڕوحدا دروست بوون لەلایەن ئینتیباعی جەستەکانەوە کە دەبێ ڕاستەقینەبن، یان نا دەگۆڕێت بۆ مەعریفە، چونکە تەنیا عەقڵ دەتوانێت بگاتە ڕاستی لە بیرکردنەوە و جووڵەدا، بەرەو چاکە ڕۆیشتن بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ و لەسەر ئەمە کە فەزیلەت دانراوە، لەبەر ئەوە ئەرستۆ وەک ئەفلاتوون فەزیلەت بە مەعریفەی ڕووت و سادە دانانێت، بەڵکو وەک ئەوەی بەهۆی سروشت و خووی عەقڵەوە دروست بکرێت.

سەبارەت بە فەزیلەتێکی تایبەت (کە بەقەد ئەو شتانەی لەژیاندا سەرهەڵدەدەن زۆرن) هەریەکەیان ئیدراک پێکردنیانە لەلایەن عەقڵەوە و ئامرازی شیاوی نێوان دوو بابەتی سەرپەڕن کە فەزیلەت نین، بۆ نموونە ئازایەتی ئامرازی نێوان ترسنۆکی و سەرکێشییە.

ئامانجی چالاکی مرۆڤ، یان چاکەی باڵا خۆشبەختییە، بۆ ئەمەش چاکە دەرەکییەکان بەشێکن لە مەرجە پێویستەکان.

قوتابییەکانی ئەرستۆ کە پێیان دەوترا پێریپاتێکس (تیۆپرستوس لێسبۆس، ئیۆدێلوس ڕۆدس، ستراتۆی لامپساکوس ... تاد) تا ڕادەیەکی زۆر وازیان لە بیرکردنەوەی میتافیزیکی هێنا، هەندێکیان لەپێناو زانست پەروەریدا و هەندێکی تریان، لەپێناو مامەڵەکردنی باو لەگەڵ ئاکاردا، کە گۆڕانی زۆریان لە مەزهەبەکەی ئەرستۆدا کرد لە ئاراستەیەکی سروشتییانەدا.

گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی دامەزرێنەر، یەکەم جار لەناو پێریپاتێتیکسی دواییدا سەری هەڵدا ، کە کارێک و خزمەتێکی باشیان پێشکەشکرد وەک ناسێنەری کارەکانی ئەرستۆ. وەک ئاڤێسین و ئاڤیرۆس قوتابخانەی پێریپاتێتیکیش مەیلی ئەوە بوو کە فەلسەفە بکات بە مولکێکی تایبەتی چینی خوێندەوار، بەمەش بە بازنەیەکی فراوانتر لە هێزی سوود بەخشینی دایان دەبڕی، ئەمەش هەر زوو پەرچەکرداری نەرێنی لێکەوتەوە و فەیلەسووفەکان گەڕانەوە بۆ ئەو هەڵوێستە پراکتیکییەی فەلسەفەی ئاکاری سوکرات.

بیروبۆچوونەکانی خوێندەواران بە تەنیا ئەو کاتە جێگەیان لە فەلسەفەدا دەبووەوە، کە خزمەتی ئاکاریان بکردایە، لێکدانەوەی سەرەکی ئەوەبوو کە چۆن مەزهەبەکان بەباو بکەیت و بناغەی ئەخلاقی جێگیر بۆ ژیانی پراکتیکی ببەخشیت بە تاک لە سەردەمی شێواوی و دارماندا.

## ستۆیسیزم

ئەم مەزهەبە لەلایەن ئەسینییەکانەوە لە نزیکەی (٣١٠ پێش زایین) لەلایەن زینۆی سیتۆم (لە قوبرس) دامەزرا و گەشتە فۆرمێکی سیستماتیکی پڕتر لەلایەن ڕێبەرانی قوتابخانەکە وەک کلینسنزی ئاسۆس، بەتایبەتیش کریسپوس لۆڵی کە لەساڵی (٢٠٦ پێش زایین) مرد.

نووسەرە ستۆیکە گرنگەکانی سەردەمی ڕۆمانییەکان ئێپکستیتوس و مارکوس ئۆریلو بوون، مەزهەبەکەیان شتی زۆر تازەی تێدانەبوو. بە دوای پێدانی چوارچێوەیەکی پراکتیکی بە دۆگماکان دەگەڕان کە لە سیستەمەکانی پێش خۆیان دەستیان کەوتبوو، لای ئەوان فەلسەفە زانستی مەبدەئەکانە کە لەسەر بناغەی ئەوانەوە دەبێت ژیانی ئەخلاقی بنیاد بنرێت، تاکە کۆششی ڕێگە پێ دراو بەدەستهێنانی مەعریفەیە سەبارەت بە مرۆڤ و شتە ئیلاهییەکان، بۆ ئەوەی ژیان ڕێک بخەن، ئەو بیردۆزەیەی کە مرۆڤەکان بە مەعریفەی ڕاستەقینە دەگەیەنێت لەلایەن لۆژیکەوە فەراهەم کراوە، فیزیاکان باوەش بەو مەزهەبانە دەکەنەوە وەک سروشتی و ڕێکخستنی گەردوونی.

ئەخلاق لە ڕێی ئەوانەوە دەگاتە دەرئەنجامەکانی بۆ ژیانی پراکتیکی، بەپێی لۆژیکی ستۆیک هەموو مەعریفە بناغەی لەنێو ئینتیباعی ئەو شتانەدایە کە پشت بەهەستەکان دەبەستن، کە ڕوح لە کاتی لەدایکبوونیدا لەوحەیەکی بەتاڵە و شتەکان لەڕێی نوێنەرایەتییەکانیانەوە وەردەگرێت. ئەم نوێنەرایەتییانە کاتێک لە ڕێی ئەزموونی دووبارە کراوەوە تەئکیدی لێ دەکرێتەوە بە شێوەیەکی سیلۆژیستکاڵی پەرەی پێ دراوە لە ڕێی تێگەیشتنەوە بۆ بوونە چەمکێک. تاقیکردنەوەی ڕاستی ئەوانە ئەو هێزە قەناعەت پێکەرەیە کە لە ڕێی ئەوانەوە خۆیان بەسەر ڕوحدا دەدەن.

لە فیزیادا دامەزراندنی مەزهەبی ستۆیک ئەو دۆگمایەیە کە دەڵێت هەموو بوون جەستەیە، لەنێو ئەو جەستەیەدا دوو بنەما دەناسنەوە: ماددە و هێز ئەوەش ماتریالّی و ئیلاهییە (لۆژیک، نیزام، چارەنووس) کە رێی پێ دەدا و زانیاری پێ دەدا لە کۆتاییشدا هەردووکیان لەیەک دەچن.

شتێک نییە لە جیهاندا بوونێکی سەربەخۆی هەبێت، هەموو بەیەکەوە بەزنجیرێکی هۆدار بەستراونەتەوە، رێککەوتنی کرداری مرۆڤ لەگەڵ یاسای سروشتدا لەگەڵ ئیرادەی مرۆڤ لەگەڵ ئیرادەی خوداوەندا، یان ژیان بەپێی سروشت فەزیلەتە و باشترینە و بەرزترین ئامانجی ژیانە، ئەویش بە شێوەیەکی سەرەکی یەک شتە. فەزیلەتە تایبەت و سەرەکییەکانی ئەفلاتوون تەنیا لایەنی جیاوازن بۆی و تەواون بۆ خۆشبەختی و ناتوانن هیچ جیاوازییەک لە پلەبەندیدا دروست بکەن. هەموو کارە باشەکان بە شێوەیەکی رەها یەکسانن لە شایەن بووندا، ئەمەش بۆ هەموو کردارێکی خراپ راستە.

هەموو ئەوەی کە لە نێوان فەزیلەت و خراپەدایە نەباشە و نەخراپە، ئەمەش بۆ مرۆڤی حەکیم وەهایە کە هیچی لە زیۆسی خوداوەند کەمتر نییە، چونکە خودای ژیانی خۆیەتی و رەنگە بە ئیختیاری خۆی کۆتایی پێ بێنێت.

بە گشتی خەسڵەتی دەرکەوتووی فەلسەفەی ستۆیک پاڵەوانێتی ئەخلاقییە کە بە زۆری زۆر لە زاهیدییەوە نزیکە.

### ئەپیکۆریانیزم

هەمان ئامانج کە لە ستۆیسیزمدا دانرابوو لەم مەزهەبەشدا بە ئامانج گیرابوو، لە شوێنێکی لێک نەچووی دژبەیەکە و لەو سیستمەدا کە لەلایەن ئەپیکۆری فەیلەسووفەوە دانرابوو، یان لەلایەن گارگێتوس ئەتیکا (٣٤٢ - ٢٦٨) کە تەواوی کرد.

ئێپیکۆریانیزم وەک ستۆیسیزم بە سیستمەکانی پێشووەوە بەستراوەتەوە وەک ستۆیسیزم پراکتیکییە لە کاتی ئامانج گرتندا و پێشنیاری ئەوە دەکات کە عەقڵ و مەعریفە نهێنی ژیانێکی خۆشبەختن. تەنیا ئەو کاتەش ئەو وانەیە دەڵێنەوە کە تێگەشتن لێیان قورس بێت و خزمەت بەو ئامانجانەی حیکمەتی پراکتیکی دەکەن، بەم شێوەیە، لۆژیک (کە ئەپلیکۆری پێ دەوت (Kanonikon)، یان مەزهەبی کانوونی راستی) ستانداردەکانی مەعریفە و کانوونەکانی راستی بابەتی بیردۆزن و ئینتیباعی هەستەکانن کە راستن و قابیلی مشتومڕ نین.

هەروەک ئەو خستنە ڕووانەی کە لەو ئینتیباعاتەوە دروست کراون، یان ئەو بیروڕایانەی کە دەچنە ئەودیوی ئەو ئینتیباعانەوە تا ئەو کاتەی کە پشتگیرییان لێ دەکرێت و دژ ناوەستنەوە بەهۆی بەڵگەی هەستەکانەوە لەو پرسە پراکتیکیانەدا کە هەستەکانی چێژ و ئازار تاقیکردنەوەن. فیزیای ئێپیکۆری کە تێیدا بە دوای بناغەکانی سیستمی ماتریالیستی دیموکریتوس دەکەوێت، دەیانەوێت هەموو دیاردەیەک بۆ هۆیەکی سروشتی بگێرنەوە، بۆ ئەوەی کە مەعریفەی سروشت، رەنگە مرۆڤەکان لە کۆیلایەتی ئەو خورافە بەدبەخت کەرانەوە ئازاد بکات.

لە مەسەلەی ئاکاردا بەدوای مەزهەبی سیرنایک کەوت بە شێوەیەکی سنوردار کە بەلایەوە باشترین شت خۆشبەختییە کە ئەو خۆشبەختییەش لە چێژدا دەدۆزرێتەوە کە پاڵنەرە سروشتییەکانی هەر بوونەوەرێک ئاراستەی کراوە، بەڵام ئامانجەکە لای ئەو نییە وەک ئەوەی کە لای سیرینایکە، چێژی ساتەکان، بەڵام مەرجی تەحەمولی چێژ کە لە جەوهەریدا ئازاد بوونە لە گەورەترین خراپە کە ئازارە.

چێژ و ئازار بە تەنیا لە رێژەدا جیاواز نین، بەڵکو لە جۆریشدا، رەتکردنەوەی چێژێک و تەحەمولکردنی ئازارێک ئامرازن بۆ چێژێکی گەورەتر، چونکە چێژەکانی هەستەکان بە چێژەکانی عەقڵەوە بەسراونەتەوە و ئاشتی و ئارامی عەقڵ باشییەکی باڵایە زیاتر لە ئازادبوونی جەستە لە ئازار.

فەزیلەت جێگەی حەز لێ کردنە نەک لە پێناو خۆیدا، بەڵکو لەبەر چێژی عەقڵ کە خەڵک رزگار دەکات لە کێشە و ترس و سۆز و ئیشتیهایان میانڕەو دەکات.

فەزیلەتی گەورە حیکمەتە، کە لە تێڕوانینی راستەقینەی هەڵسەنگاندنی عاقیبەتی کارەکانمان لە پێوەندی بەچێژ و ئازارەوە پیشان دراوە. ئەو مەیلە گومانگەرایی بۆ شتی پراکتیکی ستۆیسزم و ئێپیکۆریانیزم کە لە گەڕان بۆ خۆشبەختی دەدرا بەهەمان شێوە روون بوو لە قوتابخانەی گومانگەرایی کە پیرۆی ئێلیس دایمەزراند (٣٦٥-٢٧٥ پێش زایین). پیرۆ ئەوە رەت دەکاتەوە کە دەکرێت لەرێی هەستەکان و عەقڵ بە راستی بگەین، یان لە رێی تێکەڵکردنی هەردووکیانەوە، بەمەش بۆ پێویستی راگرتنی حوکمدان لەسەر شتەکان

ئاماژە دەکات.

بەم چەشنەش دەکرێت لە هەموو کۆیلایەتییەک بۆ بیردۆزە ڕزگار بین کە مەرجێکە وەک سێبەر لەلایەن ئارامی باری عەقڵەوە کە ئەویش بناغەی خۆشبەختی ڕاستەقینەیە. قوتابی پیرۆ تیمۆ بوو، مەزهەبەکەی پیرۆ لەلایەن ئەکادیمییە نێوەند و نوێکانەوە وەرگیرا، کە لەلایەن ئەرسێلسیلۆزی پیتان (٣١٦-٢٤١ پێش زایین) و کارنیادیی سیرین (٢١٤-١٢٩ پێش زایین) نوێنەرایەتی کرا، هەردووکیان هێرشیان کردە سەر ستۆیکەکان لەبەر ئەوەی ئەوان جەختیان لەسەر ڕەگەزێکی ڕاستی دەکردەوە لە مەعریفەی ئێمەدا، هەرچەندە بیروڕاشیان ڕاستییەکەی گومانکەرانەبوو، بەڵام وا دەردەکەوت کە بیریان لەوە کردبێتەوە کە ئەوەی ئەوان دەیانپاراست بنەمای سەرەکی و ڕەسەنی فەلسەفەی سوکرات و ئەفلاتوون بووبێت.

ئەکادیمییەکانی پاشتر، هەروەک ئانتیۆکوسی ئاسکلۆی (٨٠ی پێش زایین) زۆر لە دۆگما و جووڵەکانی ستۆیکەکانیان تێکەڵاو بە ئەفلاتوونیزم کردبوو، بەمەش ڕێگەیان بۆ ئێکلیکسیزم خۆشکرد کە بەدوای ئەوەدا هەموو لە مێژینەیەک کە بەدوای فەلسەفەی یۆناندا هاتبوون بە جیهانی ڕۆمانیدا بڵاوبوونەوە. فەلسەفەی ڕۆمانی، بەم چەشنە بووە درێژکراوەی ترادیسیۆنی یۆنانی، پاش ماوەی مەسیحیەتیش فیساگۆریانیزم لە فۆرمێکی زیندوو بووەدا جێگەی خۆی گرتەوە لەنێو سیستمە هەرە گرنگەکاندا.

گومانگەریی پیرۆیی سەرلەنوێ لەلایەن ئاینیسیدیموسەوە پێشکەش کرایەوە و لەلایەن سێکتوس ئمپێریکوسەوە زیاتر بوژایەوە، بەڵام دەرکەوتوویی ئەم ماوەیە بۆ ئەفلاتوونیەت دەگەڕێتەوە کە لە کارەکانی پلوتارکشی چایرۆنیاو گالێنی فیزیاگەردا بە شێوەیەکی دیار پێشکەش کرایەوە.

## ئەفلاتوونیزمی نوێ

ماوەی کۆتایی فەلسەفەی یۆنانی لە ساڵانی سەدەی سێیەمی زاییندا بوو لە کاتی دامەزراندنی ئەفلاتوونیزمی نوێ لە ڕۆمانیا، دامەزرێنەرەکەی پلۆتینۆس لیکۆ پۆلیس بوو لە میسر (٢٧٠ - ٢٠٥ پێش زایین) و جەختی ئەو لەسەر فەلسەفەی زانستی ئایین بوو کە تێیدا مەزهەبی ئەفلاتوون تێکەڵکرابوو لەگەڵ گرنگترین ڕەگەزەکانی ناو سیستمی ئەرستۆ و ستۆیکەکان و ئەندێشەکانی خۆرهەڵات.

لە ترۆپکی بوونیدا خودا ڕاوەستابوو وەک سەرچاوەی هەموو شتەکان، ئەو لە خۆیەوە سەرچاوەی گرتبوو وەک تێڕامانێک لە خودی خۆی کە لە ناویدا کۆگای بێ سنووری ئایدیاکان هەبوو.

ڕوح، وەک کۆپی عەقڵ، لەناو و بەهۆی ئەوەوە دەرکەوتبوو، وەک چۆن عەقڵ لەنێو خودادایە و لەلایەن زانینی ماددە لەنێوخۆیدا وەک نەبوون و خولقاندنی جەستەکان کە بوونیان لە ڕوحدایە، لەبەر ئەمەش سروشت کۆیە و ژیان و ڕوحی تێدایە، ڕوح کە ماددە کەلەپچەی کردووە دەیەوێت لە کۆیلەیەتی جەستە ڕابکات و بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی ئەسڵی خۆی.

لە فەزیلەت و بیری فەلسەفیدا ڕوح توانایی هەیە خۆی بەرزبکاتەوە بۆ ئاستی نەشئە و بەرزبێتەوە بۆ ئەو "بوون"ـە سەرەکی و باشەی کە عەقڵ ناتوانێت پەی پێ ببات و بیزانێت، فەراهەمکردنی ئەم یەکگرتنەوەیە لەگەڵ خودا کاری ڕاستەقینەی مرۆڤە کە دەبێت جیهانی دەرەوە بۆیان جێی فەرامۆشکردنی بێت.

قوتابی هەرە گرنگی پلۆتینووس، پۆرفیری سووری بوو کە بەوە لەخۆی ڕازی بوو کە مەزهەبی مامۆستاکەی بڵاودەکردەوە، بەڵام قوتابخانەی ئایامبلیکوس، کە قوتابی پۆرفیری بوو، گۆڕانێکی لە پایە و پلەی ئەفلاتوونیزمی نوێ دروست کرد، کە ئێستا پێشڕەویی ئەو بزووتنەوە فرە خوداوەندە دەکات دژ بە مەسیحیەت و بۆ مەبەستەکەی هەموو فۆرمێکی خورافەی وەرگرت، بەتایبەتی خورافەکانی ڕۆژهەڵات.

پاڵپشتیکەرانی ئەم بزووتنەوەیە ڕوویان کردە کاری زانستی، پاش بەدرۆخستنەوە و هەڵوەشاندنەوەی هەوڵەکانیان بۆ زیندووکردنەوەی بیروباوەڕە کۆنەکان، بەتایبەتیش ڕوویان کردە دیراسەکردنی ئەفلاتوون و ئەرستۆ، کە لە ڕاڤەکانیاندا خزمەتێکی باشی ئەو دوو فەیلەسووفەیان کردووە.

دوایین ماڵی فەلسەفە لە ئەسینا بوو، کە لەوێ پرۆکلوس (٤٨٥ - ٤١١ پێش زایین) هەوڵی دا هەموو ترادیسیۆنی فەلسەفی بچووک بکاتەوە بۆ جۆرێک لە سیستم تا لە ساڵی (٥٢٩ زایین) وتنەوەی فەلسەفە لە ئەسینا لەلایەن بەستینەوە قەدەغەکرا.

**سەرچاوە:**

Encyclopedia of Philosophy and its Internet Authors